سێ شەممە، 2007/10/30

کوردو تورك

واشنتۆن، گۆڤاری

SALEM

سیار محەمەد ساڵح کردوویە بەکوردی

رای خۆت لەسەر ئەم سەروتارە بدە

ئەو حەفتەی رۆیی، پرسیار کرا ، ئەگەر یاخیبووەکانی کورد پەلاماری سنوور بەزێنانەی توند ببەنە ناو تورکیا، داخوا هێزەکانی ئەمریکا چ دەکەن، فەرماندەی ئەمریکایی ئەو ناوچەیە گوتی "هیچ ناکەین".

جغارەیەك بەو پیاوێیێ بدە. ئەمە بەرەهایی وەڵامی راستە.

مێجەر، بینجامین میکسن، بێگومان، سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکی لەو ناوچەیە دەردەبڕێ، ئەوەش بژارەیەکی دانایانەو ژیرانەیە، چونکە ئەگەر ساربازیانە چوینە ناو کێشەکەوە، ئەمریکا قازانجی لێ ناکا, هەروەکو کۆندالیزا رایس، وەزیری دەرەوە گوتی: دیپلۆماسی تاکە دەستاوێژێکە کە پەنای بۆ ببردرێ.

تورك و کورد، لە مێژە، لە زەمانی قالوبەلاوە، شەڕی یەکودوو دەکەن. کورد وڵاتی خۆیان دەوێ، کوردستان، هەندێ لە یاخیبووەکانی کورد پێیانخۆشە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا، ئێران و عێراق بگرێتەوە. کوردە سەر ساردو هێورەکانیش لە عێراق دەبینن ئەو ئاشتییە رێژەیی و بوژانەوەیەی هەیانە لەسای سەری ئەو پاراستنە ئاسمانییەی ئەمریکا لە ناوچەی دژە-فڕیندا ئەمریکا لە سەرەتای نۆهەتەکاندا بۆی دابینکردوون.

لەم هەفتانەی دواییدا، یاخیبووەکانی کورد کە بنکەو بارەگایان لە ناوچە دوورەدەستەکانی باکووری عێراق هەیە، پەلاماری هێزەکانی تورکیایان داوەو زۆریان لێ کوشتوون.

لێرە ئەو هێڵە (هەڵوێستە)ی کە دەبێ ئەمریکا سادەو رەوان بەلاوەی بنێ چارەسەری سەربازیی ئەو کێشەیەی کە کورد بو تورکەکانی دەنێتەوە (مخابن کورد بەکێشەنەرە دادەنێ، نەك تورك کە پێچەوانەکەی راستە، وەرگێر). کاتێ دۆستەکانت لەبەینی خۆیانا شەڕ بکەن، تۆ هەوڵ دەدەی ئاشتیان بکەیتەوە، بەڵام ئەگەر ئەوان بڕیاریان دا بێ تەقە لەیەکدی بکەن، تۆ دەبێ هەنگاوێك بۆ دواوە بگەڕێیەوە.

ئەمریکا، ناکارێ هەر گرفت و کێشەیەك لەو دنیایەدا رووبدا، چارەسەری بکا، ئێمە فێربووین کە زۆر کێشەو گرفت هەن ناتوانین چارەیان بکەین. ئەمە وێدەچێ یەکێ بێ لەو گرفتانە.

تورکیا هاوپەیمانێکی سەرەکییە. تورکیا ئەو کوردانەی پەلاماری هێزەکانی دەدەن بە گوێرەی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، بەتیرۆریست دادەنێ، لێ ئەوە بەو مانایە نییە کە دەبێ ئیللان و بیللان، لەسەر بنەمای بوونی ئێمە (بوونی ئەمریکا) لە عێراق، ئەمریکا پشتەوانی لەو هەڵوێستەی کوردان بکات و لەشەڕدا پشتیان بگرین ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا <u>بۆ راوەدوونانی یاخیبووەکان</u> هاتنە ناو عێراقەوە.

لەلایەکی ترەوە، دەبێ تورك تێ بگەن کە سەقامگیریی عێراقی کوردی (ئەو زاراوەیە، لەبەرانبەر عێراقی عەرەبی دارێژراوە- وەرگێر) کە هێڵێکی بنەڕەتیی جەوهەرییە بۆ هەر چارەسەرێکی کۆتایی شەڕی عێراق. <u>ئەو ناوچە، پارچەی هەرە سەقامگیری وڵاتەکەیە، رەوشەکە وا دەخوازێ کە وەکو خۆی بمێنێتەوە.</u> ئەمریکا ناتوانێ هێزی سوپایی بۆ باکوور بنێرێ تا وەدوای یاخیبووەکانی کورد بکەوێ. ئێمە دژمنمان لەناو ئەو وڵاتەدا زۆرە.

هەواڵی باش ئەوەیە کە تورك کات و دەرفەت بە دیپلۆماسی بدەن کاری خۆی بکا. ئەوە روونە کە تورکیا، بەلایەنی کەمەوە تا دیمانەی سەرۆکوەزیران، رەجەب تەیب ئۆردوگان و سەرۆك بۆش لە واشنتۆن لە 5ی تشرینی دووەم، هێرش و پەلاماری سنووربەزێن ناکا، وەکو ئاسۆشیێتد پرێس دەڵێ.

ئەمەش، وەختێکی باش بە حکوومەت یعێراق دەدا کە بەناوبژی وەزارەتی دەرەوەی ئێمە، لەگەڵ تورکاندا کار بکا. ئەمە تاقیکردنەوەو تێستێکە بۆ حکوومەتی عێراقی کە ئەو پرسە سەروبەر بکا بەبێ ئەوەی پێویست بە پەلاماری سنووربەزێن بکا.

لێ ئەگەر پەلامارەکە بوو، پێویستە ئەوە روون و خویا بێت کە هێزەکانی ئەمریکا لایەنگیری هیچ کامێکیان ناکا.